**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان- عیراق**

پشت بە حوکمی بڕگە (1)لە ماددەی (56) وماددەی (53) لە یاسای ژمارە (1)ی سـالّی (1992) هەموارکراو و، ماددەی(12)لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردسـتان– عیراق ژمارە(1) ی سالّی 2005و لەسەر خستنەڕووی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان– عیراق، ئەنجومەن لە دانیشتنی رۆژی (2005/7/26) بڕیاری دا ئەم یاسایەی خوارەوە دابنێت:

**یاسای ژمارە( 2 ) ی سالّی 2005**

**یاسای دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان- عیراق**

**مادەی یەکەم:**

سەرۆکایەتی هەرێم دیوانێکی دەبێت بـەناوی (دیـوانی سـەرۆکایەتی هـەرێمی کوردسـتان) کـە خاوەن کەسایەتی مەعنەویەو ئەم ئەرکانەی خوارەوەی هەیە:

**یەکەم**: سەرپەرشتی کردنی فەرمانگەکانی دیوان.

**دووەم**: رێکخستنی پەیوەندی لەنێوان سەرۆکایەتی هـەرێم وسـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی کوردستان– عیراق وسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان– عیراق.

**سێیەم**: رێکخستنی پەیوەندی لەنێوان سەرۆکایەتی هەرێم و دەسەلاّتەکانی عیراقی فیدراڵ.

**چوارەم**: رێکخستنی چالاکی و پەیوەندییەکانی سەرۆکی هەرێم لـە نـاوەوەو دەرەوەی هـەرێمی کوردستان.

**مادەی دووەم:**

سەرۆکی هەرێم بە پلەی وەزیر سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم دادەمەزرێنێت.

**ماددەی سێیەم:**

سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە سیستەمێکی تایبەت بە پێکهاتەی دیوان دەربکات و هەر فەرمانگەو بەش وهۆبەیەك بە گونجاو بزانێت بێنێتەکایەوەو پوچەڵیان بکاتەوە.

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم**: سەرۆکی هەرێم راوێژکارەکانی دادەمەزرێنێت بە پلەی تایبەت و بۆی هەیـە بەڕێوەبـەرە گشـتییەکانی نێـو پێکهاتـەی دیـوان دابمـەزرێنێت و لێپرسـینەوەیان لەگەڵـدا بکـات و خانەنشینیان بکات بەپێی یاسا.

**دووەم**: سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە کارمەندانی پێکهاتـەی دیـوان دابمـەزرێنێت و لێپرسـینەوەیان لەگەڵدا بکـات وخانەنشـینیان بکـات بـەپێی یاسـا، هـەروەها بـۆی هەیـە هەنـدێك لـە دەسەلاّتەکانی سەبارەت بەم بڕگەیە بە سەرۆکی دیوان بدات.

**ماددەی پێنجەم**:

سەرۆکی دیوان بۆی هەیە لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئامادەبێت.

**ماددەی شەشەم**:

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی رەسمی هەرێم(وەقایعی کوردستان)دا بڵاو دەکرێتەوە.

**عەدنان رەشاد موفتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان – عیراق**

---

**تێبینی**: **ئەم یاسایە دوای پەسندکردنی لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان – وە لەژمارە** (61) **ی ساڵی شەشەمی–ی رۆژی** 16/7/ 2006 **ی رۆژنامەی** ( **وەقایعی کوردستان** ) **بڵاوکراوەتەوە**